وەزیری دەرەوە وهاوتا بەحرەینییەکەی تاوتوێی کارنامەی سی و سێهەمین لوتکەی عەرەبیان کرد

فوئاد حسێن، جێگری سەرۆک وەزیران و وەزیری کاروباری دەرەوە بە عەبدولەتیف بن ڕەشید ئەلزەیانی هاوتا بەحرەینییەکەی تاوتوێی کارنامەی لوتکەی عەرەبیان کرد کە بڕیارە مانگی داهاتوو لە بەحرەین بەڕێوەبچێت.

نووسینگەی ڕاگەیاندنی وەزارەتی دەرەوە لە ڕاگەیەندراوێکدا بڵاویکردەوە" فوئاد حسێن، جێگری سەرۆک وەزیران و وەزیری کاروباری دەرەوە پێشوازی لە عەبدولەتیف بن ڕەشید ئالزەیانی، وەزیری دەرەوەی بەحرەین لەبەغدا کرد. و لە سەرەتای دیدارەکەدا ئەلزەیانی سەرەخۆشی خۆی ئاراستەی وەزیری دەرەوەی کرد بەبۆنەی کۆچی دوایی هاوسەرەکەی، هاوخەمی دەسەزانێ بۆ خۆی و بنەماڵە بەڕێزەکەی دەربڕی، لە خودای مەزن داوای کرد کە کۆچکردوو بە بەرەحمەتی خۆی بخات.

لای خۆیەوە وەزیری دەرەوە سوپاس و پێزانینی خۆی بۆ هاوتا بەحرەینییەکەی دەربڕی بۆ سەرەخۆشی و هاوخەمی.

هەروەها لە میانی کۆبوونەوەکەدا پەیوەندییە دوو قۆڵییە برایانە تاوتووێکران کە هەردوو وڵاتی برا بەیەکەوە دەبەستێتەوە و ڕێگاکانی بەهێزکردن و پەرەپێدانیان بە شێوەیەک کە خزمەت بە بەرژەوەندییە هاوبەشەکان بکات. کارنامەی سی و سێهەمین لوتکەی عەرەبی کە بڕیارە مانگی داهاتوو لە

بەحرەین ساز بکرێت خرایە بەر باس و لێکۆڵینەوەوە، چونکە سازکردنی هاوکاتە لەگەڵ بوونی چەندین تەحەددا.

هەروەها وتی: لەم بارەیەوە وەزیر جەختی لەوە کردەوە کە عێراق هەوڵدەدات لەم لوتکەیەدا ڕۆڵێکی کاریگەر هەبێت و کاردەکات بۆ بەدیهێنانی هەماهەنگی ئاست بەرز لەگەڵ برایانی عەرەب بۆ سەرخستنی لوتکەکە. هەروەها هەردوولا باسیان لە پێشهاتەکانی ناوچەکە کرد، بەتایبەتی ڕووداوەکانی ئێستای غەززە و بەردەوامی هێرشەکانی دەسەڵاتی داگیرکەر بۆ سەر خاک وخەڵکە سقیلەکەی، هەردووکیان لەسەر پێویستی چڕکردنەوەی هەوڵە هاوبەشەکان بۆ بەدەستهێنانی سەقامگیری لە ناوچەکەدا کۆک بوون.